Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.2

# قۆناغەکانی تیۆری گەشتی پاڵەوانی جۆزیف کامبڵ لە ئەفسانەی کوردیدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Mozhda Salah Mohammed
Mozhda.mohammed@su.edu.krd

**مژدە سەلاح محەمەد/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەلێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**محمد احمد حسن/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :02 /11/2025
ACCEPTED :01/09/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

## پوختە

ئەفسانە بریتییە لەو چیرۆکە کۆنانەی پاش قۆناغی ئوستوورە، کە لەناو سەرجەم میللەتانی جیهاندا، بەر لە دەرکەوتنی شێوازە نوێیەکانی گێڕانەوە، باو بوون. خوێندنەوەی ئەفسانەکان ڕۆشنایی دەخاتە سەر زۆر باری ژیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی میللەتان. کورد، بەو پێیەی یەکێک لە دێرینترین نەتەوەکانی ناوچەکەیە، خاوەن میراتێکی لەبن نەهاتووی ئەفسانەیە. لە توێژینەوەی بەردەستدا، بە پێی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزێف کامبڵ، کار لەسەر ئەفسانەی کوردی، بە پێناسە و تێگەیشتنێکی دروستتر لەوەی تا ئێستا لەنێو بەشێکی بەرچاوی توێژەرانی کورددا هەبووە، کراوە. لەم باسەدا، وێڕای بەکارهێنانی زاراوەی ئەفسانە بۆ واتا ڕاستەقینەکەی خۆی، کە چیرۆکەکانی سەردەمی پاش مێژوو دەگرێتەوە، هاوکات خستنەڕووی جیاوازییەکانی لەتەک "ئوستوورە"دا، کە هەرچەندە زادگەی ئەفسانەکانە، بەڵام هیچ کات هەمبەری وشەکە نییە، ئەمەش لەو واتا و دەلالەتانەدا دەردەکەوێت کە هەریەک لە دوو زاراوەکە هەڵگرییەتی؛ قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوان لە دوو نموونەی ئەفسانەدا پیشان دراوە، دەرکەوتووە ئەم مۆدێلە جیهانییە تا ڕادەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئەفسانەی کوردیشدا هاوئاهەنگە.

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەفسانە،
ئوستوورە،
گەشتی پاڵەوان،
کامبڵ،
پاڵەوان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**١. پێشەکی:**

توێژینەوەکەمان بە ناوی (قۆناغەکانی تیۆری گەشتی پاڵەوانی جۆزیف کامبڵ لە ئەفسانەی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕەهەندی فەلسەفی و ژیاریی نەتەوەی کورد. ئەفسانە وەک گێڕانەوەیەک دەرگایەکی نهێنییە، کە دەتوانین لە ڕێیەوە شارەزای فەرهەنگی نەتەوەکان بین. ژیانی مرۆڤ، چ مرۆڤە دێرینە خودا سیفەتەکان، یان تاکێکی مۆدێرن، ژیانی چەشنی سەفەرێکی بەردەوامە؛ چارەنووسی بریتییە لە هاتوچۆیەکی بێ بڕانەوەی ناو خولگەی زەمەن، هەمیشە لە دۆخی چوون و گەڕانەوەدایە، وەک ڕەنجێک کە هەرگیز کۆتایی نایەت. تیۆرەکەی کامبڵ ئەو ئامرازە شیاوەیە کە لە ڕێیەوە دەتوانین خوێندنەوە بۆ گەشتە نەبڕاوەکەی ئینسان بکەین هەڵبەت بە کەرەستەیەکی کەونار، کە ئەفسانەیە.

**١,١. گریمانەی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین ئەفسانە و ئوستوورە دوو فۆرمی گێڕانەوەی جیاوازن، بەڵام پەیوەندیشیان بە یەکەوە هەیە. هاوکات گریمانە دەکەین تیۆرەکەی کامبڵ بۆ ئەفسانەی کوردیش دەبێت.

**٢,١. ئامانجی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان ئامانجیەتی ئەوە دەربخات، کە تیۆرییەکەی کامبڵ بۆ ئەفسانەی کوردی دەگونجێت و دەتوانین بە هۆیەوە پاڵەوانی تایبەت بە ئەفسانەی کوردی دەربخەین و تایبەتمەندی و شێوازی گەشتەکەی بخەینەڕوو.

**٣,١. پرسیاری توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان گرفتەکان لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم پرسیارانەوە چارەسەر دەکات: ئایا ئەفسانە و ئوستوورە لە ڕووی چەمک و زاراوەوە جیان؟ لە توێژینەوەی کوردیدا چۆن کاریان لەبارەوە کراوە؟ تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانی ئەفسانەی کوردی چین؟ چەند قۆناغی گەشتەکەی کامبڵ لە ئەفسانەی کوردیدا هەن؟

**٤,١. سنووری توێژینەوە:**

بە هۆی ئەوەی دەقی ئەفسانەی کوردی لە ڕووی پێکهاتە و گێڕانەوەوە لێکەوە نزیکن، ئێمە تەنێ دوو ئەفسانەمان وەرگرتووە، ئەوانیش: ئەفسانەی "سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین" و ئەفسانەی "عەلی گاوان"ن.

**٥,١. مێتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا مێتۆدی "گەشتی پاڵەوان"ی "جۆزیف کامبڵ"مان بەکارهێناوە، کە مێتۆدێکە دەتوانین لە ڕێیەوە زۆر ڕەهەند و لایەنی ئەفسانەی کوردی بخەینەڕوو.

**٦,١. پێکهاتەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان لە پێشینەیەک، دوو بەشی سەرەکی و نەخشەی پیشاندانی قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوانی هەردوو ئەفسانەکە پێکهاتووە. لە پێشینەدا ئەو نووسین و توێژینەوانەی لەبارەی گەشتی پاڵەوانەی جۆزیف کامبڵەوە لە ئەدەبی کوردیدا نووسراون بەسەر کراونەتەوە. بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە، لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم، زاراوە و چەمکی ئوستوورە خراوەتەڕوو؛ تەوەرەی دووەم، زاراوە و چەمکی ئەفسانە؛ لە تەوەرەی سێیەمیش جیاوازی ئەم دووانە باس کراوە. بەشی دووەم، کە بەشێکی تیۆری_پراکتیکییە، وێڕای کورتەباسێکی تیۆرییانەی هەر قۆناغێکی بەرجەستەبوو لە ئەفسانەکاندا، لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی کامبڵ قۆناغەکان پراکتیک کراون؛ لەگەڵ دوو نەخشە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری قۆناغە دەرکەوتووەکان. لە کۆتاییشدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراوانەتەڕوو.

**٧,١. پێشەینەی توێژینەوە:**

لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردیدا، چەند توێژینەوەیەک هەن، کە بە پێی تیۆرەکەی کامبڵ خوێندنەوەیان بۆ دەقە دێرینەکان کردووە. هێندەی ئێمە ئاگەدار بین و بەرچاومان کەوتبێت، ئەم توێژینەوانە ئەنجام دراون:

-بونیادی پاڵەوان لە داستانی کوردیدا (لەبەر ڕۆشنایی تیۆری گەشتی پاڵەوانی جۆزیف کامبڵ)، ماستەرنامەیەکە (عیماد ئەحمەد خەلیل) لە زانکۆی سۆران پێشکەشی کردووە. ئەم ماستەرنامەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆرییە و تێیدا چەمکەکانی داستان، بەیت، پاڵەوان و ژیاننامەی کامبڵ باسکراون. لە بەشی دووەمیشدا داستانەکانی شێخی سەنعان، زەمبیلفرۆش و شیرین و فەرهادی هێناوەتەوە و بە گوێرەی قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوان پراکتیکی

کردوون. ئەوەی جێی سەرنجە توێژەر هێندەی خۆی بە یەکلاییکردنەوەی بابەتی داستان و بەیتەوە خەریک کردووە بۆ ئەوەی سنووری نێوانیان دیاری بکات، هێندە تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی داستانی کوردی دیاری نەکردووە. هەمان توێژەر بەشێک لە نامەکەی، وەک توێژینەوەی مەرج بە ناوی (پاڵەوان لە داستانی شێخی سەنعانی هەورامیدا بەپێی تیۆری گەشتی پاڵەوانی جۆزیف کامبڵ) بڵاوکردۆتەوە.

-دەلالەتی سەفەر و پاڵەوان لە شێخی سەنعانی فەقێ تەیراندا (خوێندنەوەیەکی کورت لەبەر ڕۆشنایی تیۆری سەفەری پاڵەوانی جۆزیف کامبڵدا)، توێژینەوەیەکە لە لایەن پ.د. هێمن عومەر خۆشناو و پ.د. یادگار ڕەسووڵەوە نووسراوە و لە کتێبی کۆنفرانسی فەقێ تەیران پێکەش کراوە. دیارە لەم توێژینەوەیەدا بەبێ ئەوەی هیچ بەشێکی تیۆری هەبێت بۆ ڕوونکردنەوە ڕاڤەکردنی چەمکەکان، یەکسەر داستانەکە پراکتیک کراوە.

-گەشتا قارەمانێ "مەندێ ترسنۆک" ل دویڤ مۆدێلا تاک ئەفسانەییا (جۆزێف کامبڵ)ی لە لایەن د.شیلان یونس محمد لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە توێژەر ئەفسانە و ئوستوورەی تێکەڵ کردووە. ئەو پاڵەوان و کەسایەتییە خواوەندییەکان بە کەسایەتی نێو ئەفسانە دادەنێت، لە کاتێکدا ئەوانە کەسایەتین لە ئوستوورەدا. واتە توێژەر نەیتوانیوە جیاوازی نیوان ئەفسانە و ئوستوورە بکات.

## ٢. لایەنی تیۆریی زاراوە و چەمکەکان:

سەربارى ئەوەى لەنێو ڕەخنەى ئەدەبی کوردیدا توێژینەوەیەکی زۆر لەبارەی "ئەفسانە"وە ئەنجام دراوە، لە چەندین گۆشەنیگاوە لێی کۆڵراوەتەوە و قسەی لەبارەوە کراوە؛ ئەوەی جێی سەرنجە بەکارهێنانی هەڵەی وشەکەیە بۆ مانا و مەبەستێک کە ئەو چەمکە ناتوانێت پڕ بە پێستی بێت. ئێمە لە میانەی گەڕانەکانی خۆماندا ئەو بابەتەمان بۆ ڕوون بووەوە، Myth پێناسەیەکی جیاواز لە Legend ی بۆ کراوە و سەرەڕای هاوبەشییەکانیان لە هەندێ ڕووەوە؛ دوو چەمکی سەربەخۆن. بەکارهێنانی وشەی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا بۆ هەردوو زاراوەکەی سەرەوە بووەتە هۆی پەیدابوونی دوو پێناسەی ناتەبا بۆ چەمکەکان؛ لە لایەکەوە بە (ڕاستی و پیرۆز) زانراوە و لە لایەکی دیکەوە (چیرۆکی ناڕاستی هەڵبەستراو). ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەردوو چەمکی Myth و Legendی ئینگلیزیمان لە زمانی کوردیدا لێک جیاکردووەتەوە؛ زاراوەی "ئوستوورە"مان بۆ یەکەم و "ئەفسانە"شمان بۆ دووەم، واتە legend بەکارهێناوە. توێژینەوەکەشمان لەبەر ڕۆشنایی جیاوازی قووڵی نێوان ئەم دوو چەمکە ئەنجام داوە.

### ١,٢. زاراوە و چەمکی ئوستوورە:

کاتێک وشەی ئوستوورە دەبیستین، ڕاستەوخۆ ڕێنووسی عەرەبی زاراوەکە "أسطورة" لە زەینماندا شکڵ دەگرێت؛ چونکە لە یادگەی ئێمەدا ڕەسەنە عەرەبییەکەی زاراوەکە زاڵترە وەک لە "اسطورە"ی فارسی، یان "ئوستوورە" لە کوردیدا. لە کاتێکدا توێژەری عەرەب کاتێک باس لەم وشەیە دەکات، بە موعەڕەبی زاراوەی historiaی لاتینی دەداتە قەڵەم، کە بەکارهێنانێکی هێندە دێرینی نییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش هاتنی ئایینی ئیسلام (مسعود، ١٩٩٤: ١٥-١٦). کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوە کلاسیکییە عەرەبییەکە بۆ ئەم وشەیە، دەبینین ڕەگی وشەکە براوەتەوە سەر "سطر" کە بە واتای "دێڕ" و "ڕیزبەند"ی نووسین و شتی دیکە دێت، "ابن فارس" لە فەرهەنگی "معجم مقاييس اللغة" دا باس لەمە دەکات، دەڵێت: ئەم وشەیە ئاماژە بۆ هەر شتێکی ڕیزکراو یان ڕێکخراو و لەتەنیشتی یەکتر دانراو دەکات، وەک "کتێب، یان درەخت"؛ بەڵام کە دەگوترێت: "الأساطير"، ئەوە ئاماژەیە بۆ شتانێکی نووسراو کە هیچ بنەمایەکی دروستیان نییە (بن فارس ج٣، ١٩٧٩: ٧٢-٧٣)، زمانزانی عەرەب بۆ ئەم تێڕوانینەی پشتی بەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز بەستووە، کە دەفەرموێ: ﴿وقالوا أساطير الأولين اكتتبها﴾ ((گوتیان: ئەمانە چیرۆکی پێشینانن...)) (قورئانی پیرۆز/وەرگێڕانی هەژار، سورەتی الفرقان، ئایەتی ٥)، بەپێی ئەم لێکدانەوەیە واتای وشەکە بەستراوە بە شتی نووسراوی هەڵبەستراوەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ئوستوورە ئەو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە بەسەرزارەوەن و دەماودەم گواستراونەتەوە؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ((کە لە نێوان ڕیشەی زاراوەکە لە زمانی عەرەبی و واتا زانستییەکەی هیچ پەیوەندییەک بەدی ناکرێت)) (ضمیران، ١٣٧٩: ٢).

هەڵبەت هەر سەبارەت بە بنەچەی زاراوەکە بۆچوونی دیکەش خراونەتە ڕوو؛ تێیاندایە دەیداتە پاڵ (وشەی "sutra"ی سانسکریتی کە بە واتای "داستان" دێت) (بختیاری، ١٣٥٨: ٩٩)؛ کەسێکی وەک د. مەولوودیش بە هێنانەوەی بۆچوونەکەی پێشەوە، وشەی sutra لەگەڵ "ستران"ی کوردی بە هاوڕیشە دەزانێت، بە واتای "گوتنی داستان" (حەسەن، ٢٠٢٠: ٣٢)؛ توێژەرێکی دیکەیش پاش خستنەڕووی گریمانەکانی سەبارەت بە یۆنانیبوونی بنەچەی ئوستوورە، ڕەسەنی زاراوەکە دەباتەوە سەر "وشە کۆنە ئێرانییەکان" کە لە نێویشیاندا ئاماژەی بە "ئوسارەی لوڕی" و "ئەستێرەی کوردی" کردووە. باسەکە ئەوەیە مادام ناوەڕۆکی ئوستوورە (ئەستێرە و هەسارە و گەردوون و سروشت و خوداکان بێ)، ئەو ئەگەرە بەهێزترە کە بڵێین ئوستوورە لەم وشە ئێرانییانەوە هاتووە و لە درێژەی زەمەندا گۆڕاوە (صدیقی، ١٤٠٠: ٧١). هەڵبەت سدیقی لەم باسەدا زمانی کوردی و زاراوەی لوڕی بە دوو زاراوەی ناو زمانە ئێرانییەکان دەداتە قەڵەم؛ بەڵام ئێمە دەزانین لوڕی یەکێکە لە زاراوە سەرەکییەکانی ناو زمانی کوردی، زمانی کوردیش یەکێک لە دێرینترین و ڕەسەنترین زمانەکانی ناوچەکەیە.

بەدەر لە باسی ڕەسەنی وشەکە، ئەوەی زیاتر جێی بایەخی ئێمەیە ناوەڕۆکە واتاییەکەی ئوستوورەیە؛ کاتێک لە زمانی ئینگلیزیدا باس لە ڕیشەی زاراوەی myth دەکرێت ، دەبرێتەوە سەر muthosی یۆنانیی کۆن بە واتای: "ڕاز، حەکایەت، ئاخافتن، گوتار" (G. & C. Merriam Co., 1916: 644)، لە ڕاڤەی وشەکەشدا هاتووە: ((١. چیرۆکێکە سەرچاوەکەی دیار نەبێ، وا دەردەکەوێ مێژوویی بێ، ڕاڤەی داب و دەستوورەکانی ژیان، باوەڕ، دیاردە سرووشتییەکان، یان ئەرکە ئایینییەکان دەکات. ٢. کەسێتی یان شتێک کە بوونێکی خەیاڵی و نەسەلمێنراوی هەیە)) ( G. & C. Merriam Co., 1916: 644). لە نێو فەرهەنگە کوردییەکاندا، ئەوەندەی بەرچاوی ئێمە کەوتبێت، "زانستگای کوردستان" واتای ئەم وشەیەی لێکداوەتەوە: ((دیرۆک؛ ئەفسانەیەک لەمەڕ خودایان، بوونەوەران، کار و ڕووداوانی نائاسایی لە بارەی دیاردەگەلی سروشتی یان مێژووییەوە، لە بیر و باوەڕی خەڵکی کەونار‌دا)) (ڕۆحانی ب١، ١٣٩٨: ٧٨)؛ ئەگەر سەرنجی ئەم لێکدانەوەیە بدەین، بەشێک لە ناوەڕۆکی وشەکەمان لا ڕوون دەبێتەوە، بەوەی تێیدا "خودایان" ڕۆڵ دەگێڕن و بەسەرهات لەبارەی ئەوانەوەیە، هەروەها دیاردە و ڕووداوەیلی سروشتی بابەتی سەرەکیین.

کاتێک باسەکانی تایبەت بە ئوستوورە دەخوێنینەوە، بەسەر چەندین پێناسەی جیاوازدا دەکەوین، کە هەر زانا و توێژەرێک لە ڕوانگەی زانست و پسپۆڕایەتییەکەی خۆیەوە بۆی چووە و لێی دواوە؛ لە سادەترین پێناسەدا دەکرێت بگوترێت: ((ئوستوورە گوتراوێکە جیاواز لە قسەی ڕۆژانە. دەربڕینێکە خاوەن هێزێکی جادوویی و سیحراوی، کە نەک تەنیا واتا بەڵکو ژیان بە شتەکان دەبەخشێت)) (ضمیران، ١٣٧٩: ٤٢) ئەم پێناسەیە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە زمانە پڕ لە ڕەمز و ڕازەکەی ئوستوورەیە، بە ئەندازەیەک دەبێتە ژیانبەخشی شتەکان، ئەمەش پەیوەندییەکی دوولایەنەیە لە نێوان زمان و ئوستوورەدا، واتە: واتا و بوون بە یەکتری دەبەخشن؛ ((و علم آدم أسماء كلها)) (سورة البقرة، آية ٣١) یەکەمین شتێک خودا فێری ئادەمی کرد ناوی شتەکان بوو، ئەمە هێزی ژیانبەخشی وشە دەردەخات: ((وشە هەر لە سەرەتاوە وەک جۆرێک لە هێزی دەستپێک (نیروی آغازین) دەردەکەوێت کە سەراپای بوون و ژیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت)) (رستگارفسایی، ١٣٨٣: ٤-٥)، ئوستوورەش وەک هەر شتێکی دیکەی گەردوون، لە ڕێگەی زمانەوە خۆی بەیان دەکات.

ئوستوورە بەدەر لەوەی چیرۆکێکی پڕ ڕەمز و ڕازە، لە سەردەمانی دێریندا، ئەرکی مەزنی ڕێکخستنی ژیانی خەڵکی لە ئەستۆ بووە: (هاوشێوەی دەستوورێک ڕێوشوێنی ژیان و هەڵسوکەوتی پیشانی مرۆڤی پێشینان داوە) (هینلز، ١٣٦٨: ٢٣) واتە هەمان ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵگەکاندا گێڕاوە کە دواتر ئایین و یاساکانی ناو سیستمی حکومڕانی دەیگێڕن، ئەویش پێشکەشکردنی ڕێساگەلێک بووە تا مرۆڤ پەیڕەوی لێ بکات، بۆ هەموو ئەمانەش پاساوی قایلکەری خۆی هەبووە. ئوستوورە، جیهانبینیی مرۆڤی کەونار، لەبارەی دنیای بینراو و نەبینراوی دەورووبەرییەوە پێکدەهێنێت، ڕووداوگەلێک سەبارەت بەو سەردەمانە دەگێڕێتەوە و ڕاڤە دەکات کە دەستی مێژوویان پێ ڕا نەگەیشتووە و زانست لەبەردەمیاندا دەستەوسانە؛ وەک دکتۆر "مهرداد بەهار" دەڵێت: ((زانست تەنیا بەسەر ئەو پانتاییە دیاریکراوەدا زاڵە کە بەڵگەیەکی لەبارەیانەوە لە بەردەستدا بێ، ئەگینا سەبارەت بە چاخە دێرینەکان جگە لە گریمانەکردن ناتوانێت شتێکی دیکە بڵێت)) (بهار، ١٣٧٦: ١٠).

گشتگیرترین پێناسەیەک تا ئێستا لەم بوارەدا پێشکەش کرابێ، بە بۆچوونی ئێمە، پێناسەکەی ئایینناس و ئوستوورەناسی ڕۆمانی "میرچا ئیلیادە"یە؛ ئەو لە کتێبی "ئوستوورە و واقع"دا، تەوەرێکی بە ناونیشانی "هەوڵێک بۆ پێناسەکردنی ئوستوورە" بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە کە تێیدا تێروتەسەلترین پێناسە خراوەتە ڕوو. ئەو لە پێناسەکەی خۆیدا ئوستوورە دەبەستێتەوە بە سەرەتاکانی بوونەوە؛ تایبەت بە گێڕانەوەی مێژووی ئەو سەرەتایەی تێیدا گەردوون و مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە خولقاون: ((ئوستوورە مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە، پەیوەستە بەو ڕووداوەوە کە لە زەمەنی دەستپێکدا ڕووی داوە. بە واتایەکی دیکە، ئوستوورە لەوە دەدوێت، چۆن بوونەوەرانی سەروروسروشتی توانیویانە بە کردەوەکانیان واقع بئافرێنن، ئیدی ئەم واقعە هەموو جیهان، یان دورگەیەک، جۆرێکی ڕووەک، ڕەفتارێکی تایبەتی مرۆڤ یان سیستمێک بێت. کەواتە ئوستوورە هەمیشە هۆکاری ئافراندنە. باس لە چۆنێتی پەیدابوونی شتەکان، لە سەرەتای بوونیانەوە، دەکات. ئوستوورە لەبارەی ئەو شتانەوە کە بە ڕاستی ڕوویان داوە و دەرکەوتوون، دەدوێت. بوونەوەرگەلی سەرووسروشتی بکەری سەرەکی نێو ئوستوورەکانن. ئەم بوونەوەرانە بە کارگەلێک دەناسرێنەوە کە لە دەرەوەی زەمەنی مادیدا "beginnings" ئەنجامیان داون. بە کورتی، ئوستوورە گەشەسەندنە جۆراوجۆر و بەرچاوەکانی بوونەوەرانی پیرۆز و سەرووسروشتی لەم جیهانەدا وەسف دەکات. هەر ئەم پێشکەوتن و گۆڕانە لەناکاوانەی ئەم بوونەوەرانەیشە جیهانی بونیاد نا و گەیاندی بەوەی ئیستا هەیە. سەرباری ئەوەش، دۆخی ئێستای ئینسان، وەک بوونەوەرێکی فانی، خاوەن ناسنامە و فەرهەنگ، دەرەنجامی کردەوەی بوونەوەرانی سەرووسروشتییە)) (Eliade, 1963: 5-6)؛ لە پێناسەکەی سەرەوەدا سەرەکیترین تایبەتمەندی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئوستوورە بەدی دەکەین: یەکێک لە ڕەگەزەکان (گێڕانەوە)یە، گێڕانەوەکەش سەبارەت بە ڕووداوگەلێکە لە دەرەوەی کاتی مادی و بەرهەستی دنیایی، لەسەر دەستی بوونەوەرانی میتافیزیک یان "خودایی" قەوماون، هەر لەبەر ئەوەشە کە بە "مێژووی پیرۆز" ناوی دەهێنێت.

چەمکی کات و شوێن لە ئوستوورەدا هەمان کات و شوێنی دنیایی و مێژوویی نیین، بەڵکو پیرۆز و ئەبەدیین. کات لە ئوستوورەدا کاتێکی بازنەییە، لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات و کۆتاییەکەی دەگەڕێتەوە سەر هەمان خاڵ. "لە شێوەی ئەژدیهایەک کە کلکی خۆی گەستووە" وێنا کراوە، ئەم نیشاندانە بازنەییە لەو دەلالەتە قووڵەوە وەرگیراوە کە کاتی ئوستوورەیی دەیگەیەنێت، مەبەست نوێبوونەوە و لەدایکبوونەوەی بەردەوام و هەمیشەییە (معرکنژاد، ١٣٩٣: ٢٤). شوێنیش بە هەمان شێوەی کات: ((بناغەیەکی هەمیشەیی هەیە، دەشێت ئاسمان، یان ڕووناکی، یان قووڵایی دەریا بێت، کە هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی فەزای پیرۆز و ئاسمانیین)) (معرکنژاد، ١٣٩٣: ٢٦)، لە ئوستوورەدا شوێنی پیرۆز هەیە، وەک کێوی "ئاگری" لە باکوری کوردستان کە شوێنی لەنگەرگرتنی کەشتییەکەی حەزرەتی نوحە.

کەواتە دەتوانین ڕەگەزەکانی ئوستوورە بەم جۆرە دەستنیشان بکەین: کات و شوێنی پیرۆز، کارەکتەر (ی سەرووسروشتی)، مەغزای گێڕانەوەکە (ئەو فەلسەفەیەی ناوەڕۆکی گێڕانەوەکە هەڵگریەتی)، هەموو ئەمانە لەڕێی چیرۆکەوە دەگوازێتەوە؛ بۆیە دەتوانین وەک دوا پێناسە و کۆکەرەوەی باسەکەی سەرەوە بڵێین: ئوستوور ئەو دیاردەیەیە کە ڕوداوێکی جاویدانی لە خۆیدا هەڵگرتووە لە شێوەی چیرۆکێکی ڕازئامێز و خوازەییدا تێگەیشتنی "مرۆڤی بەرەبەیانی مێژوو" لەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە (ضمیران، ١٣٧٩: ٥٥)؛ هەرکات حەکایەت لەمانە خاڵی بووەوە، ئیدی قەڵەمڕەوی ئوستوورە کۆتایی دێت و دەچینە سنوورێکی دیکەوە کە **"ئەفسانە"**یە.

### ٢,٢. زاراوە و چەمکی ئەفسانە:

وشەی ئەفسانە لە فەرهەنگەکانی زماندا بەرامبەر **legend** ی زمانی ئینگلیزی دانراوە (سەجادی و مەحموودی، ٢٩: ٢٠٠٤). لێجندیش کە لە بنەڕەتی **Legende** ی لاتینییەوە وەرگیراوە، لە کۆندا مەبەست لەو بەسەرهات و ژیاننامانە بوو کە تایبەت بوون بە پیاوانی ئایینی و لە کەشی تایبەتدا خوێنراونەتەوە (آرون&سان_جاک&ڤیالا ، ٢٠١٢: ١١٤). سەبارەت بە ڕیشەی زاراوەی ئەفسانە د. مەولوود (بە پێی فەرهەنگی ج. مفرد) دەیگەڕێنێتەوە بۆ وشەی "آفستا"ی فارسیی کۆن، کە مەبەست لە "ئاڤێستا"یە و بەم جۆرە باس لە پێکهاتەی وشەکە کراوە: "ئاڤد **avd**" یان "ئافس **afs**" کە

چاوگی وشەی "ئەفسانە" و "ئەفسوون"ە؛ بەشی دووەمی وشەکە "ستا" کە هەمان "ستایش"ە، بەیەکەوە واتای "ستایشی لە دڵەوە"یە؛ یاخود "بەجێهێنانی سرووتی ئایینی بە هێمنییەوە" (حەسەن، ٢٠٢٠: ٣٠)، بەپێی ئەم لێکدانەوەیە واتای وشەی ئەفسانە پەیوەندی بە بەجێهێنانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی وەک نوێژ و نزاوە هەیە، بەو پێیەی "ئاڤێستا"ش کتێبی پیرۆزی ئایینیی زەردەشتییەکان بووە، گونجاوە کە واتاکەی پەیوەندی بە ناوەڕۆکەکەیەوە هەبێ. ئەمە لەگەڵ لێکدانەوە ڕۆژئاواییەکان بۆ وشەی legend یەکدەگرێتەوە. هەر لەم سەرەتایەوە دەبینین وشەی ئەفسانە/legend ناتوانێ هەمبەری ئوستوورە/myth بێت.

ئەم چەمکە کە لە زمانی فارسیشدا "افسانە" و لە زمانی عەرەبیدا "الخرافة الأسطورية" (علوش، ٢٠١٩: ٣٧٥)، "سيرة قديس" (آرون&سان_جاك&ڤيالا، ٢٠١٢: ١١٤) و هەندێ جاریش "الليجندة" (عبود، ٢٠٠٢: ٤٧) بەکار هاتووە، چیرۆکگەلێک دەگرێتەوە کە تایبەتن بە سەردەمی دوای ئوستوورە، سەردەمێک تێیدا مرۆڤەکان پاڵەوانی ڕووداوخوڵقێنن. ئەم پاڵەوانانە لە باشترین دۆخدا خاوەنی کەراماتن، بەڵام هەرگیز لە خوداکان نین؛ ئەفسانە ((بە چیرۆکێکی ناواقعی دەگوترێت کە ڕووداوی سەیر و سەرسوڕهێنەری تێدا ڕوودەدات. یان، پاشماوەی وێرانی چیرۆکە ئوستوورەییەکانی چاخە دێرینەکانە، کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگە و داهاتنی سەردەمی ئایین، ڕۆڵە پیرۆزە ئوستوورەییەکەی خۆی لەدەست داوە و وەک چیرۆکێکی ناموقەدەس لە کۆمەڵگەدا ماوەتەوە)) (خانی و کوکبی، ١٣٩٣: ٤٣)؛ چیرۆکەکانی ئەم سنووره خوڵقێنراوی مرۆڤن، خاڵیین لە پیرۆزی؛ ((لە تیۆری فۆلکلۆردا ئەفسانە گێڕانەوەیەکی زارەکیی نەریتییە، لەبارەی کەس یان شوێنێکەوە کە بوونی ڕاستەقینەی هەبووە، یان باوەڕ وایە هەبووبێت)) (Simpson & Roud, 2000: 212)، یان دەکرێت بگوترێت: ئەفسانە/legend چیرۆکی پاڵەوانانێکی ڕاستەقینەیە کە تێپەڕینی زەمەن گۆڕیویەتی بۆ چیرۆکێکی پڕ لە زێدەڕۆیی، یان بەسەرهاتی کەسایەتییەکی مێژوویی، یان ژیاننامە و باسی کردەوەکانی پیاوانی ئایینییە (سیما داد، ١٣٨٥: ٤٥)؛ بە واتایەکی دیکە: لەم چیرۆکانەدا پێچەوانەی "مێژووی پیرۆز"ی سەردەمی ئوستوورە، بەسەرهاتەکان هی ئەو کاتەن مرۆڤ (پاڵەوان) ڕووداو دەخوڵقێنێت و مێژوو دروست دەکات؛ بە تێپەڕینی کات و لە میانەی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکاندا، لە ئەنجامی "زۆر پێوەنان"ەوە چیرۆکێک دێتە ئاراوە بیسەرانی دەخاتە بەردەم پرسی ڕاستبوون یان ڕاستنەبوونی ئەوەی دەگێڕدرێتەوە.

### ٣,٢. جیاوازی ئوستوورە و ئەفسانە:

دەکرێت جیاوازی نێوان ئوستوورە و ئەفسانە، وێڕای ئەو جیاوازییانە لە پێناسەکاندا دەکەوتوون، بەم جۆرەی خوارەوە بخەینەڕوو:

- ئوستوورەکان لەبارەی ڕووداوەکانی سەرەتای ئافراندنی گەردوون و بوونەوەر دەدوێن و خوداکان ڕۆڵیان تێدا دەگێڕن، بەڵام ئەفسانە (بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی پاڵەوانێکی میللی دەگێڕێتەوە، [هەندێ کات] لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵە، کە دەبێت بە ڕزگارکەری خێڵەکەی و لە ستەم و تەنگانە دەربازیان دەکات) (Eliade, 1963: 8).

- کاتێک پاڵەوانی حەکایەت لە خوداکان بوو، ئوستوورە/myth یە، بەڵام ئەگەر لایەنە مرۆییەکانی پاڵەوان زاڵتر بوو، ئەوە ئەفسانە/legend یە(Abrams, 2013 : 231)، چونکە ((ئەفسانە زۆرتر لەسەر کەسایەتی و واقیعە مێژووییەکان دامەزراوە)) (سەجادی و مەحموودی، ٢٠٠٤: ١٨)؛ هەرچەند کەسێتییەکان لە سەردەمێکدا بوونی واقیعیشیان هەبووبێت، ئەفسانەیەکی وەهایان لەبارەوە هەڵبەستراوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە پاڵەوانە ڕاستەقینەکانەوە نەبێ، تێپەڕینی کاتیش زیاتر ڕەنگی ڕاستیبوونیانی گۆڕیوە (خانی و کوکبی، ١٣٩٣: ٤٣).

کامبڵ سەبارەت بە "چیرۆکی پەرییان" کە جۆرێکی ئەفسانەیە، وەک فۆرمێکی سادەکراوی ئوستوورەکان لێی دەدوێت، کە پاڵەوان لێرەدا سەرکەوتنەکانی بچووک و سنووردارن؛ لە کاتێکدا پاڵەوانانی نێو ئوستوورەکان سەرکەوتنەکانیان سەر بە هەموو جیهان و تایبەتە بە مرۆڤایەتی نەک خێڵ و ناوچەیەکی دیاریکراو، هەرچەندە هەردوو جۆرەکە لەڕووی شێوەناسی و ڕۆڵی کەسێتییەکانەوە جیاوزییەکی هێندە بەرچاویان لە نێواندا نییە (کمپبل، ١٣٨٥: ٤٦)؛ مەبەستی لەو خاڵەیە کە پاڵەوان چ لە ئوستوورەدا چ لە ئەفسانەدا کەسێکی هەڵبژێردراوی خاوەن ئامانجە و لە میانەی گەشتی ژیانیدا

دوچاری گۆڕان دەبێت، جا ئیتر با ئاستی گۆڕانەکان لەیەکتر جیاواز بن، ئەو دەڵێت ((چیرۆکی پەرییان ئوستوورەی مندالانەن ... ئینسان لەگەڵ گەورەبووندا پێویستی بە ئوستوورەیەکی بەهێزترە)) (کمبل، ۱۳۷۷: ۲۰۸).

– کات لە ئوستوورەدا سەر بە جیهانێکی باڵایە، زەمەنی ڕووداوەکان نادیارن، کەچی لە ئەفسانەدا کات "کاتی دنیایی"یە وەک مێژووی لەدایکبوونی کەسێتییەکی ئایینی (معرکنژاد، ۱۳۹۳: ۲۹)، لە کۆمەڵگە ئایینی و ئوستوورەباوەڕەکاندا "چیرۆکە ڕاستەقینەکان" لە "چیرۆکە ناڕاستەکان" جیا دەکرێنەوە؛ "چیرۆکە ڕاستەقینەکان" هەمیشە پێگەی لەپێشتریان هەیە (Eliade, 1963: 8)، تەنانەت ڕێسای تایبەتی خۆیشیان هەیە بۆ گێڕانەوە، لەوانە: کاتی گێڕانەوە "شەوانی پاییز و زستان"ە، لەو کۆڕانەدا مندال و ژن ڕێگە پێدراو نین، ئەمە بۆ چیرۆکەکانی دیکە وانییە (Eliade, 1963: 10)؛ هەڵبەت مەبەستی ئیلیادە لە چیرۆکە ڕاستەقینەکان (ئوستوورە/myth) و چیرۆکە ناڕاستەکانیش legend و fable ە، واتە ئەفسانە و ڕاز (Eliade, 1963: 8, 11).

– ئوستوورە پایەیەکی سەرەکییە لە بونیادی فەرهەنگدا، دەبێت ئەم چیرۆکە فەرهەنگسازانە لە چیرۆکە "کەم بایەخ و ڕاگوزەر"ەکان جودا بکرێنەوە، ئەوان جەوهەرن و ڕەمزی نەتەوەن، لە قووڵاییدا خەبەری گۆڕانە گرنگ و چارەنووسسازەکانیان حەشارداوە، بۆیە نابێت وەک "ئەفسانەیەکی دوور لە واقیع" سەیر بکرێن (ضمیران، ۱۳۷۹: ٤٠).

– ئەفسانەکان دروستکراوی خەیاڵی مرۆڤن، وەک د. سەجادی دەڵێت: دەکرێت لە سەردەمی ئێستاشدا ئەفسانە ساز بکرێت، لە کاتێکدا ئوستوورە، بەو مانایەی لە پێشەوە باسکرا، "سەردەمی خولقاندنی بەسەرچووە" (سەجادی، ۲۰۲۲: ۳۲).

لەگەڵ ئەوەدا دەکرێت لە خوێندنەوەی وردی ئەفسانەکانیشدا پاشماوەی ئەو ڕەگانە بەدی بکەین کە دەمانبەنەوە سەر ئوستوورەکان، چونکە ئەو "وێنە ئەزەلی"یانەی لە ئوستوورەکان بەجێ ماون، نەک تەنیا چوونەتە نێو ئەفسانەکانەوە، بەڵکو خۆیان خزاندووەتە نێو چیرۆک و ڕۆمانی سەدەمییانە و هونەری هاوچەرخیشەوە، بگرە بوون بە کەرەستەی خاو بۆ داهێنانی ئەدەبی و هونەری هەموو سەردەمەکان.

### ۳. قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوان لە ئەفسانەی کوردیدا؛ لەبەر ڕۆشنایی تیۆری "گەشتی پاڵەوان"ی جۆزێف کامبڵ

سەفەر یەکێک لە ئارکیتایپە ناسراوەکانی نێو جیهانی ئوستوورەیە، کە بە درێژایی چاخەکان کاریگەری لەسەر ڕۆحی ئینسان هەبووە و ڕێگەیەک بووە بۆ گۆڕانکاری و شۆڕشی ئینسان لە ناخی خۆیدا. بایەخی سەرەکی کامبڵ لە تیۆرەکەیدا بەم وێنەیەی ناو ئوستوورەکانی جیهانە، کە بەم جۆرە نەخشەی کێشاوە: ((بەشی یەکەم: جێهێشتن؛ ۱) بانگێشت؛ ۲) ڕەتکردنەوەی بانگێشت؛ ۳) یارمەتیدەری غەیبی؛ ٤) تێپەڕین بە یەکەمین دەروازەدا؛ ٥) ناوسکی نەهەنگ. بەشی دووەم: دەستپێکردن؛ ۱) ڕێگەی تاقیکردنەوەکان؛ ۲) چاوپێکەوتن لەگەڵ خواژن؛ ۳) ژن وەک وروژێنەر؛ ٤) ئاشتبوونەوە لەگەڵ باوک؛ ٥) بەخودابوون؛ ٦) بەرەکەتی کۆتایی. بەشی سێیەم: گەڕانەوە؛ ۱) ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە؛ ۲) هەڵاتنی جادوویی؛ ۳) ڕزگارکردن لە دەرەوە؛ ٤) تێپەڕین بە دەروازەی گەڕانەوەدا؛ ٥) سەروەری دوو جیهان؛ ٦) ئازادی بۆ ژیان)) (کمپبل، ۱۳۸٥: ٤٥-٤٦). ئێمە لەم بەشەدا قۆناغەکانمان بەسەر دوو نموونەی ناو ئەفسانەی کوردی: "سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین" و "عەلی گاوان"دا پراکتیک کردووە، کەمێکیش سەبارەت بە هەر یەک لە قۆناغەکان بەشێوەیەکی تیۆری ئاماژەمان کردووە. خۆیشمان لە باسکردنی ئەو قۆناغانەی کە لە هیچ کام لە نموونەکانماندا دەرنەکەوتوون دوور گرتووە.

#### ۱،۳. کورتەی چیرۆکەکان:

– سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین:

شەوێک سوڵتان مەحموود خەونێک دەبینێت، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی خەونەکەی بیر نایەتەوە. داروودەستە کۆدەکاتەوە و فەرمانیان پێ دەکات دەبێت هەم خەونەکە و هەم واتاکەی بۆ لێکبدەنەوە. ئەوانیش دۆش دادەمێنن، کە چۆن؟! لەنێویاندا وەزیرێکی دانا هەیە کە ڕێکەوت کارەکەی بۆ ئاسان دەکات؛ ئەو پینەچییەی پێڵاوەکانی بۆ دەدوورێتەوە ڕێوشوێنی

پێویستی پێ دەڵێت. ڕۆژی هەینی لە مزگەوت وەزیر چاوی بە دەروێشێک بەو ناونیشانەی پینەچییەکە گوتوویەتی، دەبینێت. وەزیر وەک پێی گوتراوە شوێنی دەروێش دەکەوێت. لە درێژەی ڕووداودا وەزیر بینەری دیمەنگەلێک دەبێت کە مانای خەونەکەی سوڵتانن؛ بۆیە دەگەڕێتەوە و هەینی دواتر سوڵتان مەحموود لەگەڵ خۆیدا دەبات. سوڵتان و وەزیر دوای دەروێشەکە دەکەون. هەر دەڕۆن تا دەگەنە زارکی ئەشکەوتێک، دەروێشەکە داوایان لێ دەکات چیدی دوای نەکەون، بەڵام ئەوان هەر دەڕۆن. پاش تێپەڕاندنی ئەشکەوتەکە، دەروێش دەبێ بە شا و دەست و پێوەند دێن بە پیرییەوە. دەروێش میوانداریيان لێ دەکات. کە دەگەنە کۆشک، ژن و سەگێک بە بەستراوەیی لە سوچێکی کۆشکەکەدا دەبینن. ژنەکە بەرماوەی سەگەکە دەخوات. ئەم دیمەنانە خەونەکەی بیری سوڵتان مەحموود دەهێننەوە. سەرەنجام دەروێش خۆی وەک سوڵتان مەحموودی شاری زێڕ دەناسێنێت و ماجەرای ژن و سەگەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە؛ ژنە ئامۆزا دڵبەرەکەی خۆیەتی و پاش هاوسەرگیری، لەگەڵ قولەی ماڵەکەدا ناپاکی لێ کردووە. لەو ساتەدا کە سەرەڕای ناپاکییەکەی، ژنە هەوڵی کوشتنی مێردەکەی دەدات، سەگەکە دێت بە هانای سوڵتانەوە و ڕزگاری دەکات. سوڵتان مەحموودی شاری زێڕ پاش گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە گیان دەسپێرێ. سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین لە واتای خەونەکەی تێدەگات و پاش گەڕانەوە داوا لە خەڵکەکەی دەکات، بەقا بە ژن نەکەن (جەوانشیر ب١، ٢٠٢٢: ٢٥٨–٢٦٧).

- عەلی گاوان:

عەلی گاوان، گاوانی گوندەکەی خۆیانە. هەر لەم ڕێیەشەوە بژێوی ژن و منداڵەکەی دابین دەکات. ڕۆژێک پارچە زەوییەکەیان، کە لەلایەن کەسێکەوە پێیان بەخشراوە، دەکێڵێت. ئەو ساڵە بەروبوومی هەموو زەوییەکان بە هۆی ڕەوە کوللەوە لەناو دەچێت، جگە لە زەوییەکەی عەلی گاوان، کە باشترین بەر دەدات. کاتێک عەلی گاوان بۆ تەماشای زەوییەکە دەچێت، ڕەشمارێکی لێ پەیدا دەبێت، ڕەشمارەکە پێی دەڵێت: من چاودێری زەوییەکەتم کردووە، بۆیە وا بەبەر هاتووە، تۆش دەبێت لە بەرامبەردا شەریکم بکەیت. عەلی گاوان بەڵێنی پێ دەدات. کاتێک بۆ ڕۆژی دواتر بە هەرەوەزی خەڵکی ئاواییەکە گەنمەکە دەدوورنەوە، عەلی گاوان بە پێی بەڵێنەکەی، دەچێت بەدووی ڕەشمارەکەدا. بەڵام ڕەشمارەکە بەم ڕەفتارەی عەلی گاوان لە بەشی خۆی خۆش دەبێت؛ نەک هەر ئەوە، بەڵکو شاخەکانی خۆی، کە گەوهەری شەوچرا دەگرن، پێ دەدات و شوێنی گەنجینەیەکی ژێر زەویشی پیشان دەدات. تاکە مەرجیشی ئەوەیە نابێت ئەم نهێنییانە لای هیچ کەسێک بدرکێنێت. کاتێک عەلی گاوان سەرسام لە بەخشندەیی ئەم بوونەوەرە، لە ناسنامەی دەپرسێت، مارەکە پێی دەڵێت: من بینایی چاوانم. بەم جۆرە عەلی گاوان تا دێت دەوڵەمەندتر دەبێت. ڕۆژێک کە عەلی گاوان لە سەفەر دەبێت، ژنەکەی لەبری ئەو دەچێتە بازاڕ و گەوهەرەکان (کە لە شاخی مارەکەوە دێنە دەر) دەفرۆشێت. ئەمە سەرنجی کابرای جوو ڕا دەکێشێت، بۆیە لەڕێی فریودانی ژنەکەوە بە نهێنی پشت ساماندارەبوونی عەلی گاوان دەزانێت. کاتێک عەلی گاوان لە سەفەر دەگەڕێتەوە، جووەکە داوای لێ دەکات پێکەوە گرەوێک بکەن لەسەر زانینی سەرچاوەی سامانەکەیان، هەرکامیان هی ئەوی دیکەی هەڵهێنا، سامانەکەی دەبێت بە موڵکی دۆڕاوەکە. عەلی گاوان بێ خەبەر لەوەی جووەکە پلانی چی هەیە، گرەوەکە دەدۆڕێنێت. ئەم هۆکارە ڕێی سەفەرێکی دووری دەخاتە بەردەم. عەلی گاوان دەچێت بەدوای بینایی چاواندا دەگەڕێت تا هۆکاری لەدەست چوونی سامانەکەی بزانێت. لە ڕێگەی توشی دێوێک دەبێت، دێوەکە بۆ پەڕاندنەوەی عەلی گاوان لە ڕووبارەکە، مەرجی ئەوەیە داوای بینایی لە "بینایی چاوان" بۆ بکات؛ عەلی گاوان بەڵێنی پێ دەدات و دەڕوات. پاشان دەگاتە باخێک، سێ پیاو دانیشتوون، عەلی گاوان داوای نانیان لێ دەکات؛ ئەوانیش بە مەرجێک نانی دەدەنێ کە هۆکاری بێ بەربوونی ئەو درەختەی نێو باخەکەیان لە بینایی چاوان بپرسێ؛ عەلی گاوان بەڵێن بەمانیش دەدات. کاتێک دەگاتە کۆشکێکی ڕازاوە و بەشکۆ و دەئەوێت ئەو شەوە تێیدا بحەوێتەوە، خاتوونی ماڵ بەو مەرجە ڕێی پێ دەدات بمێنێتەوە، گەر بێتو هۆکاری بێ هاوسەرمانەوەی لە بینایی چاوان بۆ بپرسێت. بۆ ڕۆژی دواتر عەلی گاوان لە درێژەی ڕێگەکەیدا چاوی بە پیرەمێردێکی سپیپۆش دەکەوێت، پیرەمێردەکە خۆی وەک بینایی چاوان دەناسێنێت. عەلی گاوان سەرەتا پرسیاری خۆی و پاشان پرسیاری ڕێبوارەکانی ڕێگەکەی ئاراستەی بینایی چاوان دەکات: درکاندنی نهێنی سەرچاوەی سامانەکەی لای ژنەکەی هۆکاری لەدەستچوونی سامانەکەیەتی؛ سەبارەت بە دێوەکەیش فەرمایشتی

بینایی چاوان ئەوەیە گەر دێوە واز لە شەڕەنگێزی و زیانبەخشی بهێنێت، بینایی بۆ دەگەڕێتەوە؛ هۆکاری بەبەرنەهاتنی درەختی نێو باخەکەش بوونی گەنجینەیەکە لە ژێر درەختەکەدا؛ خاتوونی ماڵ لە هەزاریش دەبێت چاوەڕێ بێت، هەر ئەو شەوە ناوی هاوسەری داهاتووی پێ دەگوترێت. لە گەڕانەوەیدا دەچێتە کۆشکەکە. ئەو شەوە کاغەزێک فڕێ دەدرێتە کۆشکەکەوە، ناوی عەلی گاوانی تێدا نووسراوە. بەم جۆرە بۆ ڕۆژی دواتر عەلی گاوان و خاتوونی ماڵ لە هەزار پێکەوە ملی ڕێی گەڕانەوە دەگرنە بەر، کە دەگەنە لای سێ پیاوەکە عەلی گاوان شوێنی گەنجینەکەیان پێ دەڵێت و یەکێک لە کوپەڵە زێڕەکان بە نسیبی خۆی دەبێت. کاتێک دەگەنە لای دێوی دەم ڕووبارەکە، پاش پەڕینەوەیان عەلی گاوان داواکاری بینایی چاوان بە دێوە ڕادەگەیەنێت، پاش ئەوەی بەڵێن دەدات، بە مشتێکی عەلی گاوان بینایی بۆ دەگەڕێتەوە. عەلی گاوان و خاتوونی ماڵ لە هەزار، بە خۆیان و قافڵەیانەوە لە دەروازەی شار دەردەکەون. یەکەمین کارێک عەلی گاوان دەیکات، بانگێشتی کابرای جووە بۆ گرەوێکی نوێ؛ بەو ڕێگەیەی بینایی چاوان پیشانی داوە، کابرای جوو دەدۆڕێت و ئەمجارە عەلی گاوان دەبێتەوە بە خاوەنی ماڵ و سامانی خۆی و ژنی پێشوویشی لەسەر هەڵە و خیانەتەکەی دەردەکات (جەوانشیر ب٣، ٢٠٢٢: ٦٠-٨٧).

### ٢,٣. پراکتیککردنی قۆناغەکانی گەشتی پاڵەوان:

یەکەم: جێهێشتن (Departure)

بەشی یەکەمی گەشتەکە بریتییە لە (جێهێشتن) بە واتای دەرچوون لە چوارچێوەی جیهانی کۆن و هەنگاونان بەرەو نوێبوونەوە و گۆڕانکاری. ئەم بەشە پێنج قۆناغ لەخۆدەگرێت، وەک نەخشەیەک بۆ سەرەتا و دەستپێکی گەشتی پاڵەوان پێشکەش کراوە.

#### ١. بانگێشت بۆ سەرکێشی the call to adventure:

لەم قۆناغەدا پاڵەوان، یان دروستتر بڵێین (کەسی هەڵبژێردراو) لەڕێی پەیامێک، نیشانە و دەنگێکەوە (پەیک)، بانگێشتی تاقیکردنەوەیەکی نوێ دەکرێت. ئەم قۆناغە لە ئەفسانەی "سوڵتان مەحموود"دا لە شێوەی خەونێکدا دەردەکەوێت؛ زۆر جار خەونەکان دەبن بە ڕابەر لە ژیانی پاڵەواندا و ڕێگەی بۆ ڕۆشن دەکەنەوە، یان تەنیا وەک ئاماژەیەک دەردەکەون و کەسی مەبەست بەرەو مەقسەدی دیاریکراو ڕادەکێشن. لەم ئەفسانەیەدا سوڵتان مەحموود لەڕێی خەونێکەوە کە بیری نایەتەوە، بانگێشتی سەفەر دەکرێت. لە ئەنجامدا ڕاستییەکی ژیانی خۆی بۆ ئاشکرا دەبێت.

لە ئەفسانەی عەلی گاواندا یەکەمین زەنگی گۆڕانکاری لە دەرکەوتنی "ڕەشمارە شاخدارەکە" لە ژیانی پاڵەواندایە. مارەکە، کە پاشتر خۆی وەک بینایی چاوان دەناسێنێت، لێرەدا ئارکیتایپی پەیکی بەرجەستە کردووە، دەرکەوتنی پەیک بەو واتایەیە کە ((کاتی تێپەڕبوون بە یەکەمین ئاستانەدا گەیشتووە)) (کمپبل، ١٣٨٥: ٦١)؛ بۆیە دەبینین بە پەیدابوونی ئەم بوونەوەرە لە ژیانی عەلی گاواندا گۆڕانکارییەکان یەک بەدوای یەک دەست بە دەرکەوتن دەکەن و ڕەوتی چیرۆکەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبەن، کە چەندین پلە لە دیمەنی سەرەتای گێڕانەوەکە دوور کەوتووەتەوە.

#### ٢. یارمەتیدەری غەیبی Supernatural Aid:

پاش ئەوەی پاڵەوان بەدەم بانگێشتەکەوە دەچێت، هێزە بانسروشتییەکان دێن بە هانایەوە (کمپبل، ١٣٨٥: ٧٥). ئەم وێستگەیەی گەشتەکە، کە کامبڵ بە یارمەتیدەری غەیبی ناوی دەبات، لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموود-دا ئەو پینەچییەیە کە ڕێگای گەیشتن بە خەونەکە پیشانی وەزیرەکەی سوڵتان دەدات و لەو ڕێیەشەوە سوڵتان بە کارەکتەری نێو خەونەکەی، کە دەروێشەکە، یان سێبەرەکەی خۆیەتی، دەگات؛ پاشان بە ڕابەری دەروێشەکە جیهانی خەونەکە بەیان دەبێت. پینەچییەکە لێرەدا هاوتای کەسێتی خدری زیندەیە؛ ئەو فیگەرە ئاشنایەی نێو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، کە ڕێگە بە پاڵەوانان پیشان دەدات.

عەلی گاوان، هەر پاش ئەوەی هاوبەشکردنی مارەکەی لە بەرهەمی زەوییەکە پەسەند کرد، ڕاستەوخۆ مار لایەنی بەخشندەیی خۆی و ناسنامەی ڕاستەقینەی دەرخست: ((من بینایی چاوانم)) (جەوانشیر ب٣، ٢٠٢٢: ٦٨)؛ بەمە

ڕەشمارەکە بوو بەو پارێزەرە غەیبییەی دەستی ڕەحمەتی لە پشت پاڵەوانی ڕاستەقینەیە. ((وشەی بینایی چاوان کە ناوێکی کوردییانەیە بۆ خودا، پەروەردگار، خودێ ... [ئەم ناوە] ئاماژە بۆ دوو وشە دەکات، کە بینین و چاون)) (سیوەیلی، ٢٠٢٥: ٩٩)؛ ئەم کەسێتییە ڕوخسارێکی ئاشنای ناو چیرۆکە کۆنە کوردییەکانە و زۆر جار بەرجەستەکەری ئارکیتایپی "پیری دانا"، یان پەیکە، لە ئەفسانەی عەلی گاواندا لە بەرگی هەردوو ئارکیتایپەکەدا دەرکەوتووە.

### ٣. تێپەڕین بە یەکەمین دەروازەدا the crossing of the threshold:

تێپەڕاندنی یەکەمین دەروازە ئەو ئاستەی گەشتەکەیە کە بزاوتی پاڵەوان بەرەو ڕووی ئامانجەکەی بە کردار دەستی پێ کردووە. پاڵەوان لەم قۆناغەدا داخڵی ناو جیهانە نوێیەکە دەبێت. کامبڵ سەبارەت بەم قۆناغە باس لە پاسەوانگەلێک دەکات کە وەک بەربەست لە ڕێی پاڵەواندا دانراون؛ ئەمانە سنوورەکانی جیهانی پاڵەوانن، دەکرێت تێپەڕێنرێن (کمپبل، ١٣٨٥: ٨٥). لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموود-دا، وەزیر و سوڵتان تا بەردەم دەروازەی ئەشکەوتەکە بەدوای دەروێشەکەدا دەچن، لێرەدا دەروێشەکە دەیەوێت ڕایانبگرێت و ئیدی بگەڕێنەوە. دەتوانین ئەم ئاستەی گەشتەکە هاوتای قۆناغی "تێپەڕین بە یەکەمین دەروازە"ی تیۆرەکەی کامبڵ ببینین. دەروێش لەم قۆناغەدا ڕۆڵی پاسەوان بەرجەستە دەکات، بەڵام پاڵەوان سوورە لەسەر بەردەوام بوون و تا کۆتایی دوای دەکەوێت.
ئەم قۆناغە لە ئەفسانەی عەلی گاواندا دیمەنی چاوپێکەوتنی دێوی دەم ڕووبارەکە لەلایەن پاڵەوانەوە بەرجەستەی کردووە. عەلی گاوان لەم دەروازەیەوە، داخڵی ڕێگەی پڕ ماجەرای سەفەرەکەی دەبێت.

### ٤. ناوسکی نەهەنگ the belly of the whale:

یەکێک لە قۆناغە هەرە گرنگەکان لە گەشتی پاڵەواندا ئەم قۆناغەیە؛ ناوسکی نەهەنگ کە بەرجەستەکەری ڕەحمی جیهانە دەلالەت لە گەڕانەوە بۆ حاڵەتی سەرەتای بوون، بە واتای (مردن و لەدایکبوونەوە) دەکات: ((تێپەڕین بە ئاستانەی جادوویيدا، قۆناغی گەیشتنی ئینسانە بە کۆسپێکی دیکە، کە تێیدا جارێکی دی لەدایکدەبێتەوە. ئەم عەقیدەیە بە وێنەی ناوسکی نەهەنگ، یان ڕەحمی جیهان پیشان دراوە)) (کمپبل، ١٣٨٥: ٩٦). ئەم وێنە ئەزەلییە لە ئوستوورەکاندا لەڕێی جوانترین وێنەکانەوە پیشان دراوە؛ وەک هەڵکۆڵینی دیواری ژوورە تاریکەکەی میر مەح و دەرکەوتنی تیشکی خۆر (کوردۆییڤ، ١٩٧٦: ١٥٦)؛ یان دەرکەوتنی تاڵەکانی ڕووناکی لە درزی ناو بیرە هەنگوینەکەوە لە ئوستوورەی شاماراندا (شاماران، ٢٠٢١: ٥٥). ئەم وێنەیە لە ئەفسانەکاندا کاڵتر بووەتەوە، بەڵام لە هەمان وێنەی دێرینەوە وەرگیراوە، هەرچەند بەشێوەیەکی پەراوێزی دەردەکەوێت، دەلالەت لە هەمان ڕووداو (واتە: مردن و لەدایکبوونەوە) دەکات.
لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموود-دا، سوڵتان و وەزیرەکەی بە تێپەڕاندنی دەروازەی ئەشکەوتەکە پێ دەخەنە کەوشەنی تاریکییەوە، ئێرە ناوسکی نەهەنگە. هەر پاڵەوانێک لە پرۆسەی مردن و لەدایکبوونەوەدا دەبێت بە تاریکیدا تێپەڕێت. پەڕاندنەوەی عەلی گاوان لە لایەن دێوەکەوە بە ڕووبارەکەدا، تاکە دیمەنی نێو ئەم ئەفسانەیەیە کە بکرێت بە هاوتای ئەم قۆناغەی دابنێین؛ چونکە تێپەڕین بە ئاودا بەهەمان شێوەی دەرهاتن لە تاریکی وێنەیەکی باوی نێو ئوستوورە و ئەفسانەکانی جیهانە و هاوتای دووبارە لەدایکبوونەوەیە. هەرکاتێک کەسی پەڕیوە بە سەلامەتی لە ئاوەکە دەرباز بوو، ئەوە ئینسانێکی پاکە و گەر نقووم بوو نیشانەی تاوانبارێتییەتی (رستگار فسایی، ١٣٨٣: ١٢٥-١٢٦)؛ پەڕینەوەی عەلی گاوان بە سەلامەتی بە ئاوی ڕووبارەکدا ئاماژە بۆ پاکێتی ئەم ئینسان/پاڵەوانە دەکات؛ هەروەها دەبازبوونیەتی لە مەترسی.

### دووەم: دەستپێکردن (Initiation)

بەشی دووەمی گەشتەکە initiation ڕێوڕەسمێکە لە تیۆرەکەدا لە شەش قۆناغدا کۆکراوەتەوە، دەبێت پاڵەوان بە مەبەستی گەیشتن بە کەماڵ پێیاندا تێپەڕێت.

### ١. ڕێگەی تاقیکردنەوەکان the road of trials:

دوای ئەوەی پاڵەوان بڕیاری دا ماڵەوە، یان ژینگە ئارامەکەی پێشووی جێبهێڵێت و دەست بە سەفەر بەرەو دنیایەکی نەناسراو بکات، پێ دەخاتە "ڕێگەی تاقیکردنەوەکان"ەوە. ئەمە یەکەمین قۆناغی بەشی دووەمی گەشتەکەیە. بە گوتەی کامبڵ لەم قۆناغەدا پاڵەوان بە چەندین ئەزموونی سەختدا تێدەپەڕێت، هەموو ئەم تاقیکردنەوانەش بۆ ئەوەیە توانا و ئیرادەی هەڵبسەنگێنرێت، ئایا دەیەوێت، یان دەتوانێت بەردەوام بێت، یان دەگەڕێتە دواوە (کمبل، ١٣٧٧: ١٩٢). ئەم قۆناغە لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموود-دا جیهانی ڕووناکی ئەودیو ئەشکەوتەکەیە؛ سوڵتان و وەزیرەکەی بەردەوام دەبن لە ڕۆیشتن تا لە تاریکایی ئەشکەوتەکە دەردەچن و دەکەونە جیهانی ڕووناکییەوە. ئەم جیهانە شاری سوڵتان مەحموودی زێڕە، هەمان ئەو جیهانەیە سوڵتان مەحموودی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە خەونەکەیدا بینیویتی.

یەکەمین هەڵەی پاڵەوان لە ئەفسانەی عەلی گاواندا، درکاندنی نهێنی بە سامان گەیشتنی لای ژنەکەیەتی؛ چونکە ڕازی مانەوە و لەدەست نەچوونی سامانەکەی لە گرەوی پاراستنی ئەو نهێنییەدایە. وەک لە چەند شوێنی چیرۆکەکەشدا دووپات دەبێتەوە: ((نابێ لای کەسیش دەنگ بکەی ها)) (جەوانشیر ب٣، ٢٠٢٢: ٦٢)، ((تەنانەت لای ژن و منداڵەکەشت باسی نەکەی)) (جەوانشیر ب٣، ٢٠٢٢: ٦٧). ئاشکرابوونی نهێنییەکە لە زاری ژنەکەیەوە، پاڵەوان دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەی فێڵبازانەی کابرای جوو و سەرەنجام سامانەکەی دەدۆڕێنێت و لە دیاری خۆی کۆچ دەکات.

### ٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ خواژن the meeting with the Goddess:

سەرکەوتنی پاڵەوان لە بڕینی ڕێگەی تاقیکردنەوەکان، دەیگەیەنێتە وێستگەی یەکەمی گەشتەکەی، کە دۆزینەوەی نیوەکەی دیکەیەتی و بەشێک لە پرۆسەی خۆناسینی پاڵەوان پێکدەهێنێت (کمپبل، ١٣٨٥: ١١٦). ئەم قۆناغە تایبەتە بە ئانیمای ئەرێنی پاڵەوانەکان؛ لەو چیرۆکانەدا دەردەکەون کە ژن ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت. "ئانیما" یەکێکە لە زاراوە گرنگەکانی سایکۆلۆژیای یۆنگ، ناوێکە بۆ دەلالەت لە مەیلە ژنانەکانی دەروونی پیاو کەڵکی لێ وەرگرتووە (یۆنگ، ٢٠٠٥: ٢٥٧)؛ هەر ڕەگەزێکی مێینە لە چیرۆکەکاندا، ئیدی دیوە ئەرێنی یان نەرێنییەکەی بێت، دەرخەری ئەم ئارکیتایپەیە. ژن لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین-دا ڕوخسارێکی جوانی نییە، بۆیە ئەم دیدارە ئاسمانییە لەوێدا ڕوو نادات؛ بەڵام لە ئەفسانەی عەلی گاواندا دەتوانین ئەم وێستگەیە لە دیداری پاڵەوان لەگەڵ خاتوونی ماڵ لە هەزار و پاشان هاوسەرگیری ئەم دووانەدا ببینین.

### ٣. ژن وەک ورووژێنەر woman as the temptress:

هەندێ جار لە چیرۆکەکاندا، چ ئەفسانە یان ئوستوورەکان، پاڵەوان لە میانەی گەشتەکەیدا بەم وێستگەیە دەگات. ژن وەک وروژێنەر هەموو ئەو ژنانەن کە بەرجەستەکەری ئانیمای تاریکی پاڵەوانن. ئەم وێنەیە لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموود-دا لە دیداری ژنی ناو خەونەکەی سوڵتاندا بەرجەستە بووە، کە پاڵەوان لە کۆشکەکەی سوڵتان مەحموودی شاری زێڕ چاوی پێی دەکەوێت؛ ژنێک سەرەڕای نازونیعمەتی فراوان، لەگەڵ قولەی ماڵەکەدا ناپاکی لە مێردی دەکات. ئەمە دەبێتە تەفسیری خەونەکەی و دروستکەری دیدگایەکی نەرێنی لای پاڵەوان سەبارەت بە ژنان.

ئانیمای تاریکی پاڵەوان لە ئەفسانەی عەلی گاواندا لە ژنی پێشوویدا بەرجەستە بووە. ژنە پاش درکاندنی نهێنی سامانەکەیان دەبێتە باعیسی دەردەبەربوونی مێردەکەی؛ لە دیمەنی دواتردا، لەدەستچوونی سامانەکە و هاوسەرگیری ژنە لەگەڵ کابرای جوودا (ناپاکی)، قۆناغی "ژن وەک وروژێنەر" دەرکەوتووە.

### ٤. ئاشتبوونەوە لەگەڵ باوک Atonement with the father:

قۆناغی ئاشتبوونەوە لەگەڵ باوک پلەیەکی باڵاتری هۆشیاری پاڵەوان بەرجەستە دەکات، بە گوتەی کامبڵ: ((باوک تەنیا ئەوانە بۆ ماڵەکەی خۆی ڕێ دەدات، کە تەواوی ئەزموونەکانیان تێپەڕاندبێ)) (کمپبل، ١٣٨٥: ١٣٨)؛ لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموود-دا ئاشتبوونەوەی پاڵەوان لەگەڵ باوک (دیوە نامۆکەی خۆی)، بە ناسینەوە و پێکهاتن لەگەڵ سێبەرەکەیدایە. بە خۆناساندنی دەروێش وەک "سوڵتان مەحموودی شاری زێڕ" بە سوڵتانەکەی دیکە، کە دیوی ئەرێنی و شاراوەی پاڵەوان، یان لایەنی ئەرێنی سێبەری "سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین"ی بەرجەستە کردووە؛ ئاشتی لەگەڵ

باوکدا بەدی دێت. هەمان قۆناغ لە ئەفسانەی عەلی گاواندا لە دیتنەوەی بینایی چاواندا دەرکەوتووە؛ ئەم جارە بینایی چاوان لە بەرگی "پیرەپیاوێکی ڕیش چەرموو" لەبەردەمیدا دەردەکەوێت، وەڵامی پرسیارەکەی خۆی و پرسیارکەرانی دیکەشی پێ دەداتەوە.

### ٥. بەخودابوون Apotheosis:

دوا ئاستی هۆشیاری پاڵەوان بریتییە لەو شکۆیەی لەم قۆناغەدا، واتە "بەخودابوون" بە نسیبی دەبێت. بەخودابوون یەکێکە لە دەروونمایە گرنگەکانی نێو ئوستوورە، کە پاشتر چووەتە نێو ئەفسانەکان و بۆ هەمیشە لە نائاگایی کۆمەڵدا جێگیر بووە. ڕەنگە وێنەکە بەو جۆرەی نێو ئوستوورەکان، کە پاڵەوانان بەشێک لە جیهانی خودایانن، نەبینینەوە؛ بەڵام هەر ئەو شکۆیەی لە کۆتایی ئەم ڕێگەیەدا بەدەست دەهێنرێت پلەیەکی شایستە و باڵای هۆشیارییە، کە دەتوانین بە هاوتای وێنە دێرینەکەی ببینین. وەک د. شیلان، لە توێژینەوەیەکی خۆیدا کە بەپێی هەمان تیۆر لەسەر "مەندێ ترسنۆک" ئەنجامی داوە، سەبارەت بەم قۆناغە کە ئەو بە "شکۆدارکردن" ناوی دەبات، گوتوویەتی: ((ئەمە وێستگەیەکە پاڵەوان تێیدا دەگاتە ئارامییەکی دەروونی. ئەو بەو زانین و مەعریفەیەی بە درێژایی قۆناغەکان بەدەستی هێناوە، هەندێ جار بێ ڕێبەر ئاستەنگەکان تێدەپەڕێنێت و هەنگاو بەرەو قۆناغی نوێ دەهاوێت. لەلایەکی دیکەوە لە ناو کۆمەڵگەکەی دەبێتە جێی متمانە و خاوەن پێگەیەکی بەرز وەک پێگەی خودایان)) (محمد، ٢٠٢٤: ١٩١).

هەندێ جار گەشتی پاڵەوان لە یەکێک لە وێستگەکانی ناسین و هۆشیاریدا (گەیشتن بە دیداری خواژن، یان ئاشتی لەگەڵ باوک)، کۆتایی پێ دێت و پاڵەوان لەوە دوورتر ناڕوات. ئەمە لە ئەفسانەی سوڵتان مەحموود-دا دەبینین؛ پاڵەوان لە پاش ناسینەوەی سێبەرەکەی، واتە (سوڵتان مەحموودی شاری زێڕ) کە لە ڕێیەوە قۆناغی ئاشتی لەگەڵ باوک بەرجەستە بووە، ئیدی ڕەوتی ڕوو بە باڵای گەشتەکەی کۆتایی دێت، بۆیە دەتوانین بەخودابوونیش هەر لەم دیمەندا چڕ بکەینەوە؛ بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین هەردوو قۆناغی ٤ و ٥ ئاوێتەی ناو یەک دیمەن بوون.

ئەم قۆناغە لە ئەفسانەی عەلی گاواندا لە چەشنی جۆرێک لە کەراماتدا کە ئەم کەسێتییە خاوەنییەتی، دەبینینەوە. عەلی گاوان هەرچەند لە سەرەتای گەشتەکەیەوە شاهیدی تایبەتمەندییە باڵاکانی بووین؛ ئەویش بینین و قسەکردن لەگەڵ بینایی چاواندا (جا لە هەر بەرگێکدا) بوو. ئەم تایبەتمەندییەی پاڵەوان لێرەدا نیشانەی بوونی "فەڕە"یە لەم کەسێتییەدا ((فەڕە بە واتای شکۆ و درەوشانەوەیە، لە ڕاستیدا بەدەستهێنانی بەرەکەت و ئیقباڵ و خواستەکانیش پەیوەستن بە بوونی فەڕەوە)) (رستگار فسایی، ١٣٨٣: ٥٧)، ئەمە خەسڵەتێکە خودا بە کەسە هەڵبژێردراوەکانی خۆیی دەبەخشێت. ئەو سادەیی و پاکی و هاوکات خۆش قەول و بەڵێنییەی لەم پاڵەوانەدا هەیە گەیاندوویەتی بە مەقامێک دەتوانێت خودا ببینێت. هەڵبەت ((ئینسانەکان بە فەڕەمەندبوون دەستیان بە هەر پلە و پایەیەک دەگات، جگە لە مەقامی خودایی، هەرچەند دەتوانن لەم ڕێیەوە کارگەلێکی سەرسوڕهێنەر و خودایانەش ئەنجام بدەن)) (رستگار فسایی، ١٣٨٣: ٥٨)؛ ئەمە زیاتر لە تایبەتمەندیی پاڵەوانە ئەفسانەییەکانە، ئەوان دەتوانن بە نزیکبوونیان لە خوداوە، کە خۆی لە بەجێهێنانی ئەرکەکان و پابەندبوونە ئایینییەکاندا دەبینێتەوە، لەم بەرەکەتە بەهرە وەرگرن. لە ئەفسانەکاندا قۆناغی "بەخودابوون" زیاتر لەم جۆرە دیمەنانەدا بەرجەستە دەبێت. دیمەنێک کە پڕ بە پێستی ئەم قۆناغە بێت لە سێ وێستگەی گەڕانەوەیدا: هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوونی ماڵ لە هەزار؛ پیشاندانی شوێنی گەنجینەی ژێر درەختەکە بە سێ پیاوەکە؛ چاککردنەوەی چاوی دێوەکە، بە جوانی بەرجەستە بووە.

### ٦. بەرەکەتی کۆتایی the ultimate boon:

دوایین قۆناغی گەشتەکە بەدەست هێنانی شەرابی نەمرییە، واتە ئەو مەعریفە باڵایەی پاڵەوان بۆ بەدەستهێنیانی چووەتە مەملەکەتی خوداکان. ئەو بەرەکەتەی پاڵەوانی ئەفسانەی "سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین" لە ئەنجامی گەشتەکەیدا بە نسیبی دەبێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ جیهانی بێداری دەیباتەوە، زانینێکە کە لە ڕێی تەفسیری خەونەکەیەوە بەدەستی هێناوە. پاڵەوان بە بیرهاتنەوەی خەونەکەی و لەوە گرنگتر، تێگەیشتن لە ماناکەی، بەو زانستەوە دەگەڕێتەوە کە (بەقا بە ژن ناکرێت) (جەوانشیر ب١، ٢٠٢٢: ٢٦٧). ئەو سامانە زۆرەی عەلی گاوان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتەوە،

سەرەڕای نواندنی کەراماتەکانی، کە لە قۆناغی پێشوودا باسمان کرد، ئەو بەرەکەتەیە کە پاڵەوان لە کۆتایی گەشتەکەیدا بەدەستی هێناوە.

**سێیەم: گەڕانەوە (Return)**

سێیەمین و کۆتا بەشی گەشتی پاڵەوان، پاش بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەی پێی ڕاسپێردرابوو، گەڕانەوەیە. بە گوێرەی تیۆرەکەی کامبڵ ئەم بەشە لە شەش قۆناغ پێکهاتووە؛ بەڵام بەو پێیەی لە هەردوو ئەفسانەی بەردەستماندا کەمترین قۆناغی ئەم بەشە دەرکەوتووە، تەنیا باس لەو قۆناغانە دەکەین کە لە هەردووکیان یان لە یەکێکیاندا بەرچاومان بکەون.

**١. ڕزگارکردن لە دەرەوە rescue from without:**

ڕزگارکردن لە دەرەوە تایبەتە بە گەشتی ئەو پاڵەوانانەی لە گەڕانەوەدا تووشی ئاستەنگ دەبن و هێزەکانی سەر بەو سەرزەمینەی سەفەریان بۆی کردووە، ڕێی گەڕانەوەیان لێ دەگرن. لە هەردوو ئەفسانەی "سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین" و "عەلی گاوان"دا هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم پاڵەوان بۆ گەڕانەوە بەدی ناکرێت. تەنیا یەک دیمەن لە ئەفسانەی عەلی گاواندا دەکرێت وەک بەرجەستەکەری ئەم قۆناغە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش گەیشتنی پاڵەوان و هاوسەری نوێیەتی بە دێوی دەم ڕووبارەکە. ئەوان بۆ پەڕینەوە پێویستیان بە هێزێکی دەرەکی هەیە، کە جگە لە دێوەکە دەتوانێت کێ بێت. پەڕینەوەی پاڵەوان لەسەر پشتی دێوەکە توانیویەتی ئەم قۆناغەی تیۆرەکە بنوێنێت.

**٢. تێپەڕین بە دەروازەی گەڕانەوەدا the crossing of the return threshold:**

دەروازی گەڕانەوە دەبێت ئەو شوێنە بێت کە تێیدا پاڵەوان پێ دەخاتەوە ئەو سەرزەمینەی جێی هێشتبوو. زۆرجار لە چیرۆکەکاندا ئەم دیمەنە بەدی ناکەین، وەک ئەفسانەکەی سوڵتان مەحموود؛ کە ڕەنگە بە کاریگەری دەماودەم گێڕانەوە فەوتابێ. لە ئەفسانەی عەلی گاواندا لە قۆناغی گەڕانەوەدا بینەری ئەم دیمەنە دەبین: ((خەڵکەکە کە چاویان بە عەلی گاوان و خاتوونی ماڵ لە هەزار و قافڵە و قەتارەکەیان کەوت، کوتیان: "کوڕە کاکە عەلی گاوان لێرە بە خۆی و دارەکەی دەستی ڕۆیشت ئێستا ژنێکی تری خواستووە و بە کۆڵێ ماڵ و سامانەوە گەڕاوەتەوە". عەلی گاوان هەواڵی کابرای جووی لە خەڵکەکە پرسی، کوتی: "بچن بانگی بکەن بێتە ئێرە کارم پێیەتی")) (جەوانشیر ب٣، ٢٠٢٢: ٨٤)، ئەمە بەرجەستەکەری قۆناغی "تێپەڕین بە دەروازەی گەڕانەوەدا"یە؛ ئەم جارە عەلی گاوان کابرای جوو بانگێشتی ئاڵنگارییەک دەکات و جارێکی دیکە سامانەکەی بەدەست دەهێنێتەوە.

**٣. سەروەری و ئازادی پاڵەوان پاش ئەزموونەکە:**

هەردوو قۆناغی "سەروەری دوو جیهان master of the two worlds" و "ئازادی بۆ ژیان freedom to live"، کە ئێمە بەپێی نموونە هەڵبژێردراوەکانمان وەک یەک ناونیشانی یەکگرتوو خستوومانەوتە ڕوو؛ پەیوەستن بەو پێگەیەی پاڵەوان لە میانی گەشتەکەیدا پێی دەگات. پاڵەوانی هەردوو ئەفسانەکە بە سەفەر بۆ جیهانێکی دەرەوەی جیهانی ئاسایی پێشوویان و گەڕانەوە لێی بەو مەقامە گەیشتوون کە بکرێت وەک "سەروەری دوو جیهان" لێیان بڕوانرێت.

سوڵتان مەحموود بەو سەفەرەی بۆ جیهانی خەونەکەی دەیکات، سەروەرییەک لەنێون هەردوو جیهانەکدا بۆخۆی دەستەبەر دەکات، بەو واتایەی توانیویەتی دەستی بەو جیهانە بگات کە نەک دەوروبەرەکەی، بەڵکو لەتوانای خۆیشیدا نەبوو بیری بکەوێتەوە. بەو زانینەیش کە لەم سەفەرەدا پێی بەخشرا، کە خۆی لە تەفسیری خەونەکەیدا دەبینێتەوە، جۆرێک لە ئازادی بەدەست هێناوە؛ ئەویش ئاشکرابوونی ڕووی ڕاستەقینەی ژنەکەی خۆیەتی. یان بە واتایەکی دی، دەرچوونە لەو ترس و نیگەرانییانەی لە خەونەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو.

پاش ناردنەوەی کابرا جووەکە بۆ شوێنی شایستەی خۆی، ئەمجارە عەلی گاوان دەچێتە سەروەختی ژنەکەی پێشووی و ئەویش لەسەر هەڵە و خیانەتەکەی لەماڵ دەردەکات؛ ئێرە دەبێتە دواوێستگەی ژیان و سەفەرەکەی عەلی گاوان. بۆیە (سەروەری هەردوو جیهانەکە) کە دۆزینەوەی نیوە ڕاستەقینەکەیەتی، ئەویش خاتوونی ماڵ لە هەزارە، کە سەر بەو جیهانەیە سەفەری بۆی کربوو، ئەمە بۆ پاڵەوان دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان هەردوو جیهانەکە؛ پاشان (ئازادی)ی

پاڵەوان، کە خۆی لە بەدەستهێنانی ئەو هۆشیارییەدا دەبینێتەوە بینایی چاوان پێی بەخشی تا چاوی لە بەرامبەر ڕاستییەکان بکاتەوە؛ توانیویانە وەک یەک قۆناغ دەربکەون.




**نەخشەی گەشتەکەی سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین**




**نەخشەی گەشتەکەی عەلی گاوان**

### ٤. ئەنجامەکان:

١. زاراوەی ئوستوورە چەند دەتوانێت عەرەبی بێت، هێندەش دەکرێت کوردی بێت. هۆکاری بە عەرەبی زانینی زاراوەکە هێندەی پەیوەندی بە زۆر دووپاتکردنەوەی ئەم تێڕوانینەوە هەیە، هێندە پشت بەستوو بە بەڵگەی زانستی و بنەبڕ نییە؛ بۆیە دەکرێ وەک هەر عەرەبی زمان و فارسی زمانێک ئێمەش وەک کورد ئەم وشەیە بەکار بهێنین، تا کاتێک زاراوەیەکی پڕبەپێست و گونجاوترمان بۆی دەبێت.

٢. ئەو واتایەی چەمکی ئوستوورە هەڵگرییەتی ڕێگەی ئەوەمان لێ دەگرێت بە هەمبەری وشەی ئەفسانەی بزانین. ئوستوورە سەر بە چاخە دێرینەکانی پێش مێژوو و هاوکات پێش هۆنینەوە و گێڕانەوەی ئەفسانەکانە؛ بابەتەکانی لە دەوری خودایان و بوونەوەرانی سەروو سروشتیدا دەخولێتەوە و باس لە سەرەتاکانی ئافراندنی گەردوون و بوونەوەر دەکات. لە کاتێکدا ئەفسانەکان هی سەردەمێکن مرۆڤ تێیدا دەست بە گێڕانەوە دەکات و چیرۆکەکانیشی بە زۆری لەبارەی کەسایەتییەکانی ناو مێژووەوەیە.

٣. سەفەر یەکێ لە دەروونمایە ئوستوورەییەکانە، لە ئوستوورەوە پەڕیوەتەوە بۆ نێو ئەفسانەکان و تەنانەت ژیانی مرۆڤی مۆدێرنیش؛ هەر بۆیە دەکرێ مۆدێلەکەی کامبڵ، کە لەسەر بنەمای گەشتی پاڵەوان هەڵچنراوە، لەنێو ئەفسانەی کوردیشدا وەک هەر چیرۆک و ئەفسانەیەکی جیهانی پراکتیک بکرێت.

٤. تیۆرەکەی کامبڵ بەو پێیەی شێوازێکی نەرم و گۆڕاوی هەیە، لە نێو هەر گێڕانەوەیەکدا بە گوێرەی چیرۆکەکە قۆناغەکانی پاش و پێش یان ئاوێتەی ناو یەکدی دەبن؛ هەندێک قۆناغیش دەرناکەون. ئەمە لە هەردوو نموونەکەی بەشی پراکتیکی توێژینەوەی بەردەستدا بەرچاو دەکەوێت.

٥. لە ئەفسانەی "سوڵتان مەحموودی شاری سەبۆکتەکین"دا هەرچەندە ڕیزبەندی قۆناغەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیڕەوی ڕێکخستنەکەی کامبڵیان کردووە، بەڵام هەندێ لە قۆناغەکان، بەتایبەت لە بەشی "گەڕانەوە"دا دەرنەکەوتوون. هەندێک لە دیمەنەکانیش دوو قۆناغیان تێدا بەرجەستە بووە، وەک: ئاوێتەبوونی قۆناغەکانی "ئاشتی لەگەڵ باوک" و "بەخودابوون" لە دیمەنی خۆناساندنی سوڵتان مەحموودی شاری زێڕ بە سوڵتان مەحموودەکەی دیکە؛ هەروەها قۆناغەکانی "سەروەری" و "ئازادی"یش لە کۆتا بەشدا لە شێوەی یەک قۆناغدا دەرکوتوون.

٦. لە ئەفسانەی عەلی گاواندا زۆربەی قۆناغەکان دەرکەوتوون بەڵام بەشێوەیەکی بەناویەکداچوو؛ بۆ نموونە پەڕینەوە لە ڕووبارەکە بە هاوکاری دێوەکە توانیویەتی قۆناغی "تێپەڕاندنی یەکەمین دەروازە" بەرجەستە بکات، هاوکات بەشێکیشە لە "ڕێگەی تاقیکردنەوەکان"؛ وەک چۆن "دیدار لەگەڵ خواژن" کە خۆی بەشێکی سەربەخۆیە، وەک بنجۆری ڕێگەی تاقیکردنەوەکان دەردەکەوێت.

٧. پاڵەوان لە هەردوو نموونەکەدا بەوپێیە (پاڵەوانی ئەفسانە)ن، بەخودابوونیان تەنیا شکۆ و کەراماتێکە کە لە ئەنجامی سەفەر و تاقیکردنەوەکانەوە بەدەستی دەهێنن؛ نایانخاتە پێگەی خودایانی ئوستوورەیی.

### سەرچاوەکان:


- قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی هەژار

**- کوردی:**

- کوردۆییێڤ، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ (١٩٧٦)، کۆمەڵە تێکستێکی فۆلکلۆری کوردی "لە زاری کوردەکانی سۆڤێتەوە تۆمار کراوە"، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- جەوانشیر، بێهناز، شاناز و حوسێن (٢٠٢٢)، خولیاکانی کەوشەنی با، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- جەوانشیر، بێهناز، شاناز و حوسێن (٢٠٢٢)، خولیاکانی کەوشەنی با، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حەسەن، مەولوود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، گەران بەدوای نەمریدا: کتێبی دووەم، چاپی یەکەم، ماڵی سوهرەوەردی، سلێمانی.
- ڕۆحانی، ماجد مەردۆخ (١٣٩٨)، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە.

- سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٢٥)، خەونەکەی لالە سەرحەد (بەیەک گەیشتنی مرۆڤ و خودا لە دەرەوەی کوفر و ئیمان) خوێندنەوەیەکی فرەمیتۆدی بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی خەونەکەی لالە سەرحەد، لە توێژینەوەکانی دیداری ئەدەبناسیی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی، ئـ . شاخەوان سدیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی.
- سەجادی، بەختیار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (ئینگلیزی_کوردی_فارسی)، چاپی سێیەم، ماڵی وەفایی_هەولێر.
- سەجادی، بەختیار و مەحموودی، محەمەد (٢٠٠٤)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی؛ ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی؛ کوردی-ئینگلیزی: بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- محمد، شیلان یوسف (٢٠٢٤)، گەشتا قارەمانێ "مەندێ ترسنۆک" ل دویڤ مۆدێلا تاک ئەفسانەیا (جۆزێف کامبل)ی، پشکا زمانێ کوردی، کۆلێژا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخو، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٦١.
- یۆنگ، کارڵ گۆستاڤ (٢٠٠٥)، مرۆڤ و هێماکانی، و. ئاوات محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**- عەرەبی:**

- آرون، پول؛ سان-جاك، دينيس و ڤيالا، آلان (٢٠١٢)، معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة دكتور محمد حمود، طبعة الأولى، موسسة مجد، بيروت.
- ابن فارس، أبى الحسين أحمد بن زكريا (؟)، معجم مقاييس اللغة ج٣، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع.
- عبود، حنا (٢٠٠٢)، من تاريخ الرواية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- علوش، سعيد (٢٠١٩)، معجم مصطلحات النقد الأدبى المعاصر (فرنسى_عربى)، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بنغازى، ليبيا.
- مسعود، ميخائيل (١٩٩٤)، الأساطير والمعتقدات العربية قبل الاسلام، ميخائيل مسعود، الطبعة الأولى، دار العلم للملاين، بيروت، لبنان.

**- فارسی:**

- بختیاری، علیقلی محمودی (١٣٥٨) زمینەی فرهنگ و تمدن ایران؛ نگاهی به عصر اساطیر، چاپ سوم، چاپ شرکت افست (سهامی عام)، تهران.
- بهار، مهرداد (١٣٧٦) از اسطوره تا تاریخ، چاپ اول، نشر چشمه، تهران.
- خانی، نرگس و کوکبی، مرتضی: بالاخره افسانه چیست، مطالعات کتابداری و علم اطلاعات، سال ششم، شماره ٢، پائیز و زمستان ١٣٩٣
- داد، سیما (١٣٨٥) فرهنگ اسطلاحات ادبی، چاپ سوم، انتشارات مروارید، تهران.
- رستگار فسایی، منصور (١٣٨٣)، پیکرگردانی در اساطیر، چاپ اول، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.
- صدیقی، بهار: از "استاره"ی فارسی تا "اسطوره"ی عربی؛ واکاوی ریشەشناسی و نشانگری "اسطوره"، فصلنامه علمی زبان و ادبیات عربی، شماره ٢، پیاپی ٢٥، تابستان ١٤٠٠
- ضمیران، محمد (١٣٧٩) گذار از جهان اسطوره به فلسفه، چاپ اول، انتشارات هرمس، تهران.
- کمبل، جوزف (١٣٧٧) قدرت اسطوره، ترجمه: عباس مخبر، چاپ اول، نشر مرکز، تهران.
- کمپبل، جوزف (١٣٨٥) قهرمان هزار چهره، برگردان: شادی خسروپناه، چاپ یکم، نشر گل آفتاب، مشهد.
- معرکنژاد، سید رسول (١٣٩٣) اسطوره و هنر، چاپ اول، انتشارات میر دشتی، تهران.
- هینلز، جان (١٣٦٨) شناخت اساطیر ایران، ترجمه ژاله آموزگار&احمد تفضلی، چاپ اول، کتابسرای بابل، نشر چشمه، تهران.

**– English:**

- Abrams, M.H. & Harpham, G.G., 2013. A Glossary of Literary Terms. 11th ed. Boston: Cengage Learning.
- Eliade, M., 1963. Myth and Reality. Translated from the French by Willard R. Trask. New York: Harper & Row
- G. & C. Merriam Co., 1916. Webster's Collegiate Dictionary: Third Edition of the Merriam Series. Springfield, Mass.: G. & C. Merriam Co.
- Simpson, J. & Roud, S., 2000. A Dictionary of English Folklore. Oxford: Oxford University Press.

**مراحل نظرية رحلة البطل لجوزيف كامبل في الخرافة الكردية**

**مژده صلاح محمد**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين–أربيل،اقليم كوردستان–العراق
mozhda.mohammed@su.edu.krd
**محمد احمد حسن**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية/شقلاوه، جامعة صلاح الدين–أربيل،اقليم كردستان–العراق
mohammed.hasan@su.edu.krd

**الملخص:**
الخرافة (الليجندة) هي تلك الحكايات القديمة التي تنتمي إلى مرحلة ما بعد الأسطورة، التي انتشرت بين جميع شعوب العالم قبل ظهور أساليب السرد الحديثة. تساعدنا قراءة الخرافات على فهم جوانب كثيرة من الحياة الاجتماعية والثقافية للشعوب. والشعب الكردي، بوصفه من أعرق الأمم في المنطقة، يمتلك تراثاً ثرياً من الخرافات لا نظير له. في هذه الدراسة، اعتمدنا على نظرية "رحلة البطل" للباحث جوزيف كامبل في دراسة الخرافة الكردية، ساعين للوصول إلى فهم أعمق وأدق مما هو سائد حالياً بين كثير من الباحثين الكرد. وقد حرصنا في هذا البحث على استخدام مصطلح "الخرافة" بمعناها الحقيقي الذي يشمل الحكايات المنتمية لما بعد العصر التاريخي، مع توضيح الفروق بينها وبين "الأسطورة". فرغم كون الأساطير منبع الخرافات، فإنهما ليسا مترادفين اطلاقا، وهذا واضح من اختلاف المعاني والدلالات التي يحملها كل منهما. من خلال تطبيق مراحل رحلة البطل على نموذجين من الخرافات، تبيَّن أن هذا النموذج العالمي يتوافق بدرجة ملحوظة مع الخرافة الكردية أيضاً.

**الكلمات المفتاحية**: الأسطورة، الأساطير الأولى، رحلة البطل، كامبل، البطل.

**The Stages of Joseph Campbell's Heroic Journey Theory in Kurdish Legend**

**Mozhda Salah Mohammed**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mozhda.mohammed@su.edu.krd
**Mohammed Ahmed Hasan**
Department of Kurdish Language, College of Education/Shaqlawa, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mohammed.hasan@su.edu.krd

## Abstract
legend are ancient stories after the mythological period, that were common among all nations of the world, before the advent of new forms of narrative. Reading legends sheds light on many civilization, social and cultural conditions of nations. The Kurds, being one of the oldest nations in the region, have an inexhaustible heritage of legend. In the present research, according to Joseph Campbell's theory of the “hero's journey”, has been work on Kurdish legends with a more accurate definition and understanding than has ever existed among a significant part of Kurdish researchers. In this article, while using the term legend in its true sense, which includes stories of the prehistoric era, and at same time highlighting the differences with "myth", which although the home of legends, but never the analogue of the word; This is reflected in the meanings that each of the two terms carries. The stages of the hero’s journey are shown in two examples of legends, this global model is largely consistent with Kurdish legend.

**Keywords**: Legend, Myth, Hero's Journey, Campbell, Hero